

# ڕوانگە و هەڵوێست

کاکە مەم بۆتانی

(١)

مێژووی مرۆڤایەتی سەلماندوویەتی، هیچ بەهایەک، بیرو هزرو بۆچوونێ، ڕێگە و ڕێبازێ... ئەوەندە پیرۆز نییە، کە دەقاودەق و هەتا هەتایی وەک خۆی بمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەیەت. دەبێت پرۆسەی ڕەتبوون و تێپەڕاندن ببینێ و مانەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بپارێزێت.

خوێندنەوەی وردبینانە، مرۆڤ بە ژیان و دەوروبەری ئاشناترو شارەزاتر دەکات. ڕێخۆشکەریش دەبێت کە بە چاوی ڕەخنەئامێز سەیری چالاکییە مرۆڤایەتییەکان، کولتوور و بەرهەم، هەنگاو و ڕێبازەکانی پێش خۆی بکات. بەمەش کۆمەڵێ ڕوانینی نوێ دەربارەی مێژووی قوتابخانەکانی بەری خۆی دەستدەکەوێت.. جا ئەو گۆڕان و دەستکارییانەی مەبەستییەتی لە شێوە و ستایل و جوانکاری و....دا بیکات.. سەرکەوتوو دەبێت یان نا.. بۆ بەردەوامییان دەگەڕێتەوە.

# رووناکبیرانی کورد، به گەڕانەوە بۆ کولتووری ئەدەیبان و سودوەرگرتن لە بەرهەمەکانی ئەدەبی دراوسێ، شەقاوی تازەکردنەوەیان نا

زاراوەی نوێخوازی، تازەگەری، نوێگەری... لە ئەدەبی کوردیدا، بۆ لایەنەکانی نوێبوونەوە بەکار دێت. مێژووی رووناکبیریی کوردی دەریدەخات کە جگە لە دەستاودەستکردنی شێوە زمانەکانی نەتەوە لە هەموو گواستنەوەو پەڕینەوەیەکدا، ئەدەبی کوردی (بەتایبەتی هەڵبەست) نوێکردنەوەیەکی بەشێوە و ناوەڕۆکەوە بینیووە، کە لە ئەنجامی ململانێ و پێشبڕکێی رووناکبیری و شارستانی و هزری نەوەکان سەریان هەڵداوە..

دامەزراندی قەوارەی عیراق و پێوەلکانی باشووری کوردستان، هەلێکی باشی بۆ گەلی باڵادەست رەخساند (بە بەرچاوی هەندێ رووناکبیری هەلپەرستی کوردەوە) پیلانی تۆکمەی پر بە پێستی تێکشکانی کەسیەتی و بیری کوردی دابرێژێ، گیانی عیراقچییەتیی پەرەپێدا.. بەڵگەو بیانوو بۆ تووانەوەی گیانی کوردستانی بدۆزێتەوە. بەڵام هەستی نەتەوایەتیی کوردانیان پێ بنبڕ نەکرا.

لە سەرەتای چلەکانی سەدەی رابوردووشەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان (کوردایەتی) لە بەرگ و هزر و بۆچوونێکی نوێوە سەری هەڵدایەوە. رووناکبیرانی پێشکەوتووخوازی باشووری کوردستان (بەتایبەتیش ئەدیبان) لە ئامێزیان کرد. نەک هەر پیلانەکەیان پەکخست، بەڵکو تووشی شۆکیشیان کرد.

لاوانی رووناکبیر، بە هێزو تینەوە کەوتنە چالاکی، بەدەم خەباتی رامیارییەوە، خۆیان پەروەردە دەکردو گەشەیان بە رێبازە ئەدەبییەکان دەدا. نموونەی هەرە دیاریان دیلان، کامەران، گۆران، برایم ئەحمەدی سەرکردەو پێشڕەو بوون.

کە کودەتا سەربازییەکەی ١٩٥٨ سەری گرت، رەگی کوردایەتی بە جۆرێ خۆی داکوتابوو، دەسەڵاتی تازەی عیراق نەیدەتوانی داوە سەرەکییەکانی کورد فەرامۆش بکات. لە دەستووری کاتیی وڵاتدا، دانی بە هاوبەشیی خاکی کوردو عەرەبدا نا، تا رادەیەک، ئازادیی بیرو نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و خەباتی رامیاری. وێژەی کوردی بەرەو پێش چوو.. هەر ئەم ئازادییەش وای لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کرد، پشتی هەنگاوە دیموکراتییەکانی دەسەڵات بگرێ.

(٢)

ساڵانی ئاشتەوایی نەتەوەیی، دەرگایەکی بۆ زانست و زانیاریی تازە کردەوەو بە سانایی دەکەوتە بەردەستی خوێندەوران. هەرچەندە گشتی بە زمانی عەرەبان بوون، بەڵام سەرچاوەیەکی گرینگ بوو بۆ خۆ پەروەردەکردنی ئەدیبانی گەنجی کورد. ئاشناییان لەگەڵ ئەدەبی ئەورووپی و سۆشیالیستی پەیدا کرد. شێوەو ناوەڕۆکەکان سەرنجیان رادەکێشان.. بەدەم خوێندنەوەیان بە رەخنەو لێکۆڵینەوەکان، هزرو بیریان ئاو دەدا.. وەک بوومەلەرزەیەک، دنیای ئەدەبیی کوردی هەژاند..

هەرچەندە، دەسەڵاتی ئەدەبی باشووری کوردستان هەر بەدەست قوتابخانە ئەدەبییە کۆنەکانەوە بوو، لاپەڕەکانی گۆڤارو رۆژنامە ئەدەبییەکانی پێ دەڕازێندرانەوە، بەڵام بەرە بەرە، بەرهەمی ئەدەبی لاوانیش (بە تۆکمەولاوازەکانییانەوە) خۆیان دەخزاندە ناو بڵاوکراوەکان و سەرنجی خوێندەوارانی رادەکێشا. هەڵسەگاندنی ئەدەبی کوردی (بەتایبەتی هۆنراوە) لەژێر رۆشنایی قوتابخانە ئەدەبییە تازەکاندا، جۆرە متمانەیەکی بە ئەدیبانی لاو دا (بۆ نوێکردنەوە) کە (بۆ نوێکردنەوە) کە رێبازێکی راستیان هەڵبژاردووە.

تازەکردنەوە، تەنها رزگاربوون نەبوو لە شێوەو ناوەڕۆکی کلاسیکی و رۆمانسی و.. بەڵکو رەفتارێکی تر بوو لەگەڵ ئەو قوتابخانانەدا دەکرا تا شێوەو ناوەڕۆکێکی نوێتر وەدەست بێنن، چونکە لە کۆتاییدا ساڵانی شەستی سەدەی رابوردووەوە، هەژان لایەنی هزری رامیاری و ئەدەبی لە ئامێز گرتبوو.

تازەکردنەوە، تەنها رزگاربوون نەبوو لە شێوەو ناوەڕۆکی کلاسیکی و رۆمانسی و.. بەڵکو رەفتارێکی تر بوو لەگەڵ ئەو قوتابخانانەدا دەکرا تا شێوەو ناوەڕۆکێکی نوێتر وەدەست بێنن، چونکە لە کۆتاییدا ساڵانی شەستی سەدەی رابوردووەوە، هەژان لایەنی هزری رامیاری و ئەدەبی لە ئامێز گرتبوو..

رووناکبیرانی کورد، بە گەڕانەوە بۆ کولتووری ئەدەبیان و سودوەرگرتن لە بەرهەمەکانی ئەدەبی دراوسێ، شەقاوی تازەکردنەوەیان نا.. بەڵام فرەهەندی رێگربوو لە بەردەمی ئەو کۆمەڵە لاوەی خەونیان بە جۆرە یاخیبوونێکەوە دەدی، کە بوومەلەرزەیەک لەناو ئەدەبی کوردیدا بەرپا بکەن. (بەتایبەتی لە زمان و داڕشتنی ئەدەبیدا).

سەرهەڵدانی روانگە، وەک بزووتنەوە (کە ئێمە دەمان وت) وەک لاساییکردنەوەی قوتابخانە ئەدەبییەکانی ئەوروپی و عەرەبی (کە دژەکانمان دەیاننووسی) لە ئەنجامی: کورتبڕی و کورتبینی، قوتابخانە ئەدەبییە باوەکان و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چەکداریی رزگاریخوازی کوردستان، توندوتیژیی دەسەڵاتی سەربازیی نەتەوەی باڵادەستی قەوارەی رامیاریی دەستکردی عیراق، هاتە کایەوە.. ئەدەب و رامیاری تێکەڵ بە یەک کران.. دەتوانم بڵێم هەر لە سەرەتای بانگەوازەکەوە هەستی پێ دەکرا.. بەڵام چۆن؟.. ئەم پرسیارە زۆرجار و بە زۆر شێوە دووبارەکراوەتەوە، چونکە هەر پێنجیان یەک پارتیو یەک ئایدیۆلۆژی کۆی نەدەکردنەوە، هەتا بەرهەمە ئەدەبییەکانیان. هەڵبەست (کە رەگێکی قوڵی لەناو نەتەوەکەدا هەبوو) چیرۆکی کورت (کە لە چاویا زۆر نوێ بوو) جیا بوو!

(٣)

زۆر لە ئەدیبە لاوەکان، راستەوخۆ، بەشدارییان لە خەبات و چالاکیی رامیاری و شۆڕشی بزوتنەوەی رزگاریخوازی باشووری کوردستاندا کردبوو. بۆ بەرچاوڕوونیی خوێندەوارانو لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی (بەتایبەتی تازەگەری لە ئەدەبی کوردیدا) وا بەباش دەزانم کە بەم شێوەیە لە نووسەرانی روانگە بدوێم.

حسێن عارف: کە بە رابەرێکی دیاری بزوتنەوەکەی دەزانم، مرۆیەکی تێکۆشەری ئومەمی (مارکسی-لینینی)و دەرچووی بەندیخانە بوو. لە کەرتبوونی حزبی شیوعیی عیراقدا، خۆی لە ئامێزی (قیادەی مەرکەزی)دا دۆزیبووەوەو کاریشی لەگەڵا دەکردن. بەرامبەر مەسەلەی کوردیش بینینی روون بوو.

شێرکۆ بێکەس: کە رابەرێکی تری بزوتنەوەکە بوو. ئەندامێکی دیاری (کاژیک) بوو. سەرچاوەی هزر و بیری، نەتەوەییانە بوو. نەک هەر دۆست و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی سەرۆک) بوو، لە رۆژنامەکەشیاندا کاری دەکرد.

کاکە مەم بۆتانی: پەروەردەی باڵی چەپی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پێشمەرگەیەکی بەرەی خەباتی چەکداری بوو. لە ئەنجامی کەرتبوونی حیزبەکەدا، وازی لە پارتایەتی هێنا بوو، بەڵام لە باڵی مەکتەبی سیاسییەوە نزیک بوو.

جەلالی میرزا کەریم: پەروەردەی حزبی شیوعیی عیراقی بوو. لە دوای وازهێنان بووە ئەندامی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتیو کاری رامیاریشی بۆ دەکردن. فەرمانبەرێکی ئێستگەی کوردیی بەغداش بوو.

جەمال شارباژێڕی: هەرچەندە لە زۆربەی قسەو دانیشتنەکاندا ئامادە نەدەبوو. بەڵام بیری نەتەوەیی کردبوویە ئەندامی باڵی سەرۆکی پارتی. هەنگاوی باشی شیعری نابوو.

# هەر لە سەرەتای دانیشتنەکانماندا گەرەکمان بوو، شتێکی نوێ بخەینە سەر خەرمانی شێوەو ناوەڕۆکی شیعرو چیرۆك

ئەم نەخشەیە، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بەشێ بوون لە خەباتی رامیاری و پشتگیریی گەلە ستەمدیدەکەیان کردووە. سەرەڕای ئینتیمای هەندێکیان، گشتیان گومانیان لە رێڕەو و چالاکیی رامیاریی حزبەکانیان هەبووە. ئەو ئەنجامە کزو لاوازانەی بەدییان هێنابوو تینویەتیی لاوانەی نەدەشکاندن. ئەمەش، جۆرە یاخیبوونێکی وشیارانەی بیناکەرانەی لا دروست کردبوون..

بەدەم پشگیریی هەنگاوە رامیارییەکانەوە، مەبەستیان بوو کە سەرکردایەتیی رامیاریی بزوتنەوەی کوردایەتی بەخۆیاندا بچنەوەو کەموکوڕییەکانیان چارە بکەن. چونکە لەناو خودی بزوتنەوەی رزگاریخوازی باشووری کوردستاندا کەرتبوونو بەیەکدا چوون روویدابوو، تا گەیشتبووە لە یەکتری کوشتن. بەلای منەوە، ئەدەبی روانگە، لە رووداوە هونەرییەکانی هاوچەرخەوە سەری دەرهێناو لە باوەشی رەخنەگرانەی شۆرشی ئەیلوول گەشەی کرد.. ئێمە ناتوانین نکولی لەوە بکەین کە هەر لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە نوێخوازیی ئەورووپا (لە رێی بەرهەمە بە عەرەبی کراوەکانەوە) کاری کردبووە سەر هزرو بۆچوونی لاوانی کوردو ئەدیبەکانی نەوەی نوێ. بەڵام تا چەند لاساییان کردبووەوە؟.. ئەوە جێی باسە!

(٤)

نوێکردنەوەی شێوەو ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەو رەخنانەوە سەرچاوەی گرت کە ئاراستەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێش خۆیان دەکرا. پەیوەست بوو بە کۆمەڵێ روانینی ئەدەبی. جا لایەنە جوانکارییەکان یان شێوازەکان بوویێت. ئێمە، نوێکاریمان بە خەیاڵی داهێنەرانەوە سەیر دەکردو بیرمان لای ئەوەبوو کە دەتوانین هەنگاوی تازەگەری (بەتایبەتی لە داڕشتنەوەی ماناو زمانەوە) بنێین؟!.. هەر بۆیە، لەسەر پێشنیاری حسێن (وتەی نوێ، بیری نوێ، کرداری نوێ)مان کردە دروشمی هەنگاوەکەمان. کە ئەوەش لە ئاینی زەردەشتییەوە سەرچاوەی گرتبوو.

ئێمە هەر لە سەرەتای دانیشتنەکانماندا گەرەکمان بوو، شتێکی نوێ بخەینە سەر خەرمانی شێوەو ناوەڕۆکی شیعرو چیرۆک. بەڵام بە جۆرێکی وا کە جێ پەنجەمان لە فۆرم و زمانی ئەدەبیدا دیار بێت.. بەتەک ئەمەشەوە دەمانزانی کە هەر ئێمە لەم مەیدانەدا نین لەوانە (لەتیف حامیدی چیرۆکنووسو شاعیرانی لاو: عەبدوڵڵا پەشێو، ئەنوەر شاکەلی، رەفیق سابیر، سەلاح شوان، ئەنوەر قادر جاف).. چەندەهای تر. هەر بۆیە، لە بانگەوازەکەدا وتمان کە ئێمە مەبەستمان نوێگەری و دەرچوونە لە قاوغی تەسک و تێڕوانینی ناوچەیی و سوودوەرگرتنە لە رێبازە ئەدەبییە تازەکانی جیهان. بەڵام جۆری تازەبوونەوە دەکەوێتە سەر بیرو بۆچوونو توانای ئەدیبەکە خۆی.

نوێکردنەوە، لای شاعیرانی روانگە، لە زمانەوە دەستی پێکردو بەرەو داڕشتنی قەوارەی نوێی کێشو سەروای ئازادو هونەری رەوانبێژی چوو.

لە ناوەڕۆکی شیعریشدا جەختیان لەسەر مەبەستە کۆمەڵایەتییەکانو رامیارییەکانی نەتەوەو هەستی مرۆڤایەتیو شارستانییەتی.. دەکردەوە، جگە لەوەش (رەمز)یەت پەرەی سەندو رستەکان شێوەی تریان وەرگرت.

(٥)

رێبازە ئەدەبییەکان، دیاردەیەکی زەمەنین،

سەرهەڵدانی روانگە، وەک بزووتنەوە (کە ئێمە دەمان وت) وەک لاساییکردنەوەی قوتابخانە ئەدەبییەکانی ئەورووپی و عەرەبی (کە دژەکانمان دەیاننووسی) لە ئەنجامی: کورتبڕی و کورتبینی، قوتابخانە ئەدەبییە باوەکان و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چەکداریی رزگاریخوازی کوردستان، توندوتیژیی دەسەڵاتی سەربازیی نەتەوەی باڵادەستی قەوارەی رامیاریی دەستکردی عیراق، هاتە کایەوە

به ڕەوش و دۆخی مەعریفیی سەردەمی دیاریکراوی وابەستە دەبێت. لە مەودایەکی سنورداری مێژوویيدا گەشە دەکاتو پەرە دەستێنێ..

لە تەک گۆڕانی: هەستو بیرو بۆچوونو مەبەستە زانستییەکاندا.. خۆی دەگونجێنێو ڕێ بۆ ڕێبازی تری ئەدەبی خۆشدەکات.

ئەدەبی کوردیش، لەناو گێژاوی هەمەجۆری نەریتەکانی دەسەڵاتی ڕامیاریی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی- ئیسلامیدا خۆی بە شارستانییەتی سەدەی بیستدا کردو گەشایەوە. توخمەکانی ئەدەبی بزواند.. کورتە چیرۆک خۆشی، پێویستی بە توانای تایبەتی هەبوو بۆ بنیاتنانی شێوەو داڕشتنی جیاواز.. چونکە لەو سەردەمەوە لە نەبووندا دەگەوزاو جێپەنجەی لە دنیای وێژەدا دیار نەبوو.

پێش جەنگی جیهانیی دووەم، گەرای تازەگەری لەناو بەرهەمەکانی کرمانجی ژووروو داندرا..

چیرۆکی نوێ لەوێژەی کوردیدا بزوا، بەڵام کەشوهەوای نالەباری ناوچەکەیان بووە تەگەرە، پەڕییەوە ناوچەی سۆران.

چیرۆکنووسانی ناوچەکە، ئەوەندەی لە تواناياندا بوو، خۆیان لە ئەدەبی کلاسیکی و فۆلکلۆری و.. دەرباز کرد. نە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ، نە تەنیا گرێش توانیی ڕێگر بن لە تازەکردنەوەو هەنگاوی نوێ.. دلێرانە ئەسپی خۆیان لەو مەیدانە تاو دا. بەپێی کات و شوێن و هزر یان، چالاکییان نواند.. چیرۆک بووە چرکەی چڕو لەتەک شەپۆلە بەرهەمە ئەدەبییەکانی سۆشیالیستیو سەرمایەداری وابەستەی یەک بوون. نووسەری دیاری تێدا هەڵکەوت.

کەوابوو ئێمەی چیرۆکنووس، مەبەستمان لەم بانگەوازە چیبوو؟.. گەرەکمان بوو لە شێوەو ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی: میدیاو بلەو و محەرەمو مەمو مارف بەرزنجیو... یاخیبین؟.. بۆ؟!

ئەو سیما نوێیانە چیبوون کە دەمانویست بە چیرۆکی هونەریی کوردی بدەین؟.. لە کاتێکدا وتوومانە کە نە کوێرانە یاخی دەبین، نە ئامادەشین دەقاو دەق لاسایی ڕێبازە خوازراوەکان بکەینەوە. بەڵکو هەڵسەنگاندنی ژیرانەی کەلەپورو میراتی هونەریی نەتەوەو بەرهەمی ئەدیبانی پێش خۆمان.. تاکە پێوەرێک بوون بۆ تازەکردنەوەی چیرۆکی کوردی و بەرەو پێش بردنی ڕوودراوەکانو جۆری چنینی بەرهەم، بەکارهێنانی گرێو کارێکتەرو ڕەمز، بە مەرجێ ڕەگەزەکان نەبنە قەفەس و زۆرێک ئازادیو جوانیو سیحری داڕشتنی لێ داماڵێ.. بە تەکیشییەوە، دوورکەوتنەوە لە لاساییکردنەوەی شێوەو ناوەڕۆکی تری خوازراوەی ئەوروپی و سۆڤیەتی. شەپۆلی چیرۆکنووسانی ڕوانگە، لە ناخ و دەروونەوە، ڕابووردوو و ئێستای خەونو خەیاڵو ئەندێشەیان دەبردە بەر زەینی شڵەژاو و ئاوێزانی یەکتری دەبوون. هەستە شاردراوەکانیان دەبزواند. شۆڕبوونەوە بۆ ناو دنیای دەروونی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان.. شەقاوی یەکەممان بوو. بە لێکدانەوەیەکی وردی بابەتییانە، بەرهەمەکانی پێش خۆمان هەڵسەنگاند.. ئەو کەلێنانەمان پڕ کردەوە کە ئەدیبەکان دەرکیان پێ نەکردبوو.

دەکرێ بڵێین، ڕێبازی چیرۆکی هونەری نوێی کوردی لای ڕوانگەییەکان قوڵبیرکردنەوە، چڕیو پڕیی ڕووداوەکانی ناو کارەساتەکانی گەل، گیانی

# چیرۆکنووسانی ناوچەکە، ئەوەندەی لە توانایاندا بوو، خۆیان لە ئەدەبی کلاسیکی و فۆلکلۆری و.. دەرباز کرد

شۆڕشگێڕی، کە لە دووربینی مەودای مرۆڤایەتییەوە دێت، داڕشتنی پڕ مانای وشەو رستەکان، ئاڵوگۆڕی کات و شوێن، کارکردن لەناو رێبازە فەلسەفییەکاندا، دوورکەوتنەوە لە گرێ و گرێچنی دەستکرد.. بوو.

حەقە نەوەی نوێی ئەدەبی کوردی لێم بپرسن: لە ماوەی چل ساڵی رابووردوودا، تۆ چیت کردووە؟.. هەرچەندە، دەبێ رەخنەگران و لێکۆڵەرەوەکانی ئەدەبی کوردی وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە. بە بەڵگەوە رایەکانیان بسەلمێنن.

وەلێ.. من دەتوانم بڵێم: دەستکاریو گۆڕینی شێوەی داڕشتنی چیرۆکەکان بە زەقی دیارن.

زۆربەی رەخنەگرەکانیش (بە چەپەکانیشەوە) دانیان پێدا ناوە.. بەڵام هیچ شێوەیەکیانم نەکردووەتە رێبازم.. چ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی ناوەڕۆکدا بوویێت بەکارم هێناوە.

زۆربەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیشم، رەنگدانەوەی بیری رامیاریم بوون. چونکە لەو رۆژەوە هەستم بە بوونی خۆم کردووە، لەناو خەباتی رامیاریی نهێنی و ئاشکرای نەتەوایەتیی چەپی کوردستانی کارم کردووەو ئەوەی پێم کرابێ، خزمەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانم کردووە بەرهەمەکانیشم رەنگدانەوەی بووە... هەتا ناوەڕۆکی رۆمانەکانیش،ئەستێرەی ئەو رێبازەیە.. بەکارهێنانی زمانی نزیک لە زمانی شیعریو پەخشانی شیعریش هەر بۆ پاراستنی جوانیی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانە.. جا لە قاڵبی واقیعی رەمزیدا بووبێ، یان واقیعی سیحری!..

(٦)

لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی رابووردووەوە، بزووتنەوەی نوێخوازیو بەرهەمی ئەدەبی تازەگەری.. کەوتە ناو گۆڕەپانی ئەدەب و بڵاوکراوە وێژەییەکان، بەڵام سەرنجی رەخنەگرانی رانەکێشابوو..

ئەرزیەتی ئەدەب و زروفی وێژەیی لەبار بوو، بۆیە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، بانگەوازی روانگە دەنگی دایەوە. ئەدیبانی لاوی تازەکار (بەتایبەتی خوێندکاران) نەک هەر لە دەوری کۆبوونەوەو لە ئامێزیان کرد، بەڵکو خۆشیان بە خاوەنی دەزانی. هەندێکیان بەجۆرێکی وا هەرزەکارانە بە دەنگییەوە چوونو بەو ناوەوە بەرهەمی کاڵوکرچی لاوانەیان بڵاودەکردەوە.. تەمومژی چڕو هەورێکی توندو تۆخی وایان لە دەوری بانگەوازەکەدا دروستکرد، کە روونیی هەنگاو و مەبەستەکانیان شێواند!.

ئەمەش.. هەلێکی باشیان بۆ ئەدیبانی سەر گۆڕەپانی وێژەی باشووری کوردستان (بەتایبەتی شاعیران) رەخساند، نەک هەر بە چاوی سووکو گاڵتەجاری باسی روانگە بکەن، ئەو بەرهەمە لاوازو سەرنەکەوتووانەشیان بە نموونە دەهێنایەوە.. ئەوەندە بێ ویژدانیش بوون (بێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەنو بگەڕێنەوە سەر ژیانی رامیاریی ئەوساو رابووردووی هەر پێنجیان) تۆمەتی رامیاریی گومانلێکراویان خستە پاڵیان. لە کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتییەکانو لە دیوەخانی لێپرسراوانی ئەوسەردەمە (بەشێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ) ئاماژەیان پێدەدا.. هەندێ مامۆستای زانکۆش (بۆ ئەوەی تووشی تانەوتەشەری ئەدیبە دەستڕۆیشتووەکانی ئەوسا نەبن) هەر ئەو بەرهەمە لاوازانەیان وەک نموونەی ئەدەبی روانگە دەهێنایەوە. ئەدیبە چەپڕەوەکانو رێبازی رامیاریی چەپی کوردستانی (بە نەتەوەییەکانو چینایەتییەکانیانەوە) بە بیری وردەبۆرژوازی سەرلێشێواو گرێیاندان و

ئەرزیەتی ئەدەبو زروفی وێژەیی لەبار بوو، بۆیە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، بانگەوازی روانگە دەنگی دایەوە. ئەدیبانی لاوی تازەکار (بەتایبەتی خوێندکاران) نەک هەر لە دەوری کۆبوونەوەو لە ئامێزیان کرد، بەڵکو خۆشیان بە خاوەنی دەزانی. هەندێکیان بەجۆرێکی وا هەرزەکارانە بە دەنگییەوە

لاسایی کوێرانەی ئەدەبی سەرمایەدار یان دایە پاڵیان، تا گەیشتنە ئەوەی گومان لە تەواوی ڕێبازەکەش بکەن (کە خزمەتی وێژەی واقیعی کوردی و ڕێبازە تازەکانی سۆشیالیستی ناکات).. بەڵام بە کردەوەو لە هەندێ نووسینیاندا، بە بیانووی (با هەزار خونچە بگەشێتەوە..) لە هەندێ کات و شوێندا بەرگریشیان لێ دەکردن.

لە ڕاستیدا.. ئەدیبانی بانگەوازەکە خۆشیان ئەوەندەی گرینگییان بە ڕوانگەو وەڵامدانەوەی ڕەخنەکان دەدا، ئەوەندە نموونەی سەرکەوتووی بەرهەمی تازەیان نەدەدا بە دەستەوە. تا پێیان نەوترێ (مەبەسیان تەنیا خۆ دەرخستن بوو!!) هەویری ڕوانگە، ئاوی زۆر کێشا، لە مەسەلە ئەدەبییەکانەوە پەڕییە باسە کۆمەڵایەتییەکان، لە هەمووشیان گرنگترو زەقتر سەربەستیی ئافرەتی کوردستانی بوو.

(٧)

لە بەرە ناوخۆییە دیارەکانی ڕێکەوتنی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی کوردایەتیو ئازادیی بیرو ڕاو بۆچوون.. لەوانەش دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلام لە کوردستاندا، بەو هیوایەی بەرپێچی ڕایە شۆڤێنییە کۆنەپەرستەکانی عەرەب بداتەوە. بەپێی شەریعەتی ئیسلامو قورئانی پیرۆز بەرگری لەمرۆڤی کوردو مەسەلە ڕەواکەی بکات، دەنگی خەباتی نەتەوە بگەیەنێتەوە کۆڕو کۆبوونەوەکانی دنیای ئیسلامی. بەڵام دەستپێکی کاری ڕێکخراوەکە: چاودێریی قەڵەمی پێشکەوتووخوازو بیری سەربەستی و ئەدەبی نوێخوازی کوردستانی بوو. مزگەوتیان کردە مینبەری دژ بە ڕای ئازادو سەربەستیی ئافرەت.. فەقێ و موستەعیدیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داوا سەردەمییە ڕەواکانی ژنان پەروەردە دەکرد.

هەندێ مەلا.. بڵاوکردنەوەی کتێبی پارێزەرو نووسەری دیارو تێکۆشەر (جەمال شاڵی)یان کرد بیانوو، هێرشێکی توندیان کردە سەرو تەنگیان بە ماڵو منداڵیشی هەڵچنی.. چونکە چەند ڕووداوێکی کۆمەڵایەتیی ناو دادگای شەرعییەی سلێمانیی بەشێوەی چیرۆک گێڕابووەوەو ڕای خۆی دژی بڕیارەکان دەربڕی بوو! ئەوە زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ سەر بیری ئازادیخوازی کوردستانیو وێژەی کوردی..

ڕوانگەییەکانی سلێمانی، پەنایان بردە بەر لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد، کە بەرگریی لێ بکەن. چونکە نەک تانەی لە خودی ئاینەکە نەدابوو، لەگەڵ بۆچوونی هەندێ مەزهەبیش تەبا بوو.. بەڵام بیری تەسکی پارتایەتیو هەندێ هۆی ڕامیاری ئەو سەردەمە، ڕێگربوون لە پشگیریی کتێب و خاوەنی و بەرپێچدانەوەی هێرشەکە.. ڕوانگەییەکان کەوتنە خۆیانو بڕیاری بەکژاچوونەوەیان دا بە بانگەوازێ، بەرگری لە خۆیانو نووسەرەکەش بکەن.

دەرکردن و بڵاوکردنەوەی بانگەوازی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن) بە واژۆی سی ڕۆشنبیرو ئەدیبی لاو، شاری هەژاند. کاردانەوەکە ئەوەندە توند و ڕاستەوخۆ بوو، مەلاکانیش چاوەڕوانیان نەدەکرد.. لەباتی ئەوەی ڕووداوەکە هێمن بکەنەوە، کاردانەوەی توندتری بەخۆیەوە دی.

هێرشی گورچکبڕ کرایە سەر ئەدیبانی لاو، نەک هەر ناونیشانیان بە دیواری هەندێ مزگەوت هەڵواسرا، وتاری هەینیی هەندێ مزگەوتیش لەبارەی (ئیلحادی) ئەدیبانی ڕوانگە بوو. مێزو کورسی لە بەردەرگا دانرا، سەدەها پەنجە مۆر و واژۆ کۆکرایەوە،

داوایان لە حکومەتی عیراق و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول کرد بە سزای عادیلانەیان بگەیێنن..

بەڵام زرووفی سەردەم لەبار نەبوو، بێدەنگییان لێ کرد، پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە بە پێویستی دەزانم. هەڵوەستەیەک بکەمو بپرسم: چ پێویستی دەکرد یەکێتی زانایانی کوردستان بەو جۆرە رەفتار لەگەڵ قەڵەمێکی دڵسۆزی کوردستانی بکەن؟. تا ئەدیبە لاوەکان ناچار بکەن بەو جۆرە بەرپەرچیان بدەنەوە؟!.. ئەگەر یەکێتی نووسەرانی کورد.

بەیانێکیان بڵاوبکردایەوە، رووداوە کە دەگەیشتە ئەو سنوورە؟..

دەبێ ئێمە ئەوە باش بزانین کە کۆمەڵی کوردەواری بێ هەردووکیان هەڵناکات. نە پیاوانی ئاینیی توندڕەو نە نووسەری بی بڕوا قبوول دەکات.. ئەوەی بەرژەوەندیی کوردو مەسەلە رەواکەی گەرەک بێت، نابێ پیاوانی ئاینی رێگربن لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتیو شارستانیو نابێت رووناکبیرانیش بەچاوی سووک سەیری هەڵوێستی کۆنو نوێی ئەوان بکەن، تەنیا (مەلای خەتێ) بەنموونە بهێننەوە. چونکە لە دنیای رۆشنبیریو رامیاریشدا نموونەی دیاریان هەیە.

(٨)

جا با پاش چل ساڵان بگەڕێینەوە سەر سوارەکانی ڕوانگەو گروپی کفریو نوێخوازەکانی تری ئەو سەردەمە.. بەرهەمەکانیان هەڵسەنگێنین. لەژێر زەبری رەخنەو وردبینیو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، لە تێزی ماجستیرو دکتۆراکاندا، بپرسین:

-شاعیران: شێرکۆ بێکەس و جەمال شارباژێری و جەلالی میرزا کەریمی نەمرو.. چییان خستە سەر خەرمانی نوێی هەڵبەستی کوردی؟!.. یان تازەگەرییەکانی تر هەڵبەت: عەبدوڵڵا پەشێو و سەلاح شوان و رەفیق سابیرو.. یان لەتیف هەڵمەت (کە بەرهەمەکانی خۆی بە هێلکەی دوور زەردێنە دانابوو، هەڵبەستەکانی شاعیرانی روانگەش بە هێلکەی پیس..) چ گۆڕانێکیان لە هەڵبەستی کوردیدا کرد؟

- ئەی چیرۆکنووسانی روانگە: حسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی یان نوێگەریەکانیتر: لەتیف حامیدی نەمرو ئەحمەد شاکەلیو تایەر ساڵح سەعیدو.. چییان لە شێوەو ناوەڕۆکی چیرۆکی کورتدا کرد؟ یان چ تولەڕێیەکیان بۆ نەوەی نوێ تەختکرد؟

بەرهەمەکانیان، خۆیان لەبەر رەشەبای ئەو ساڵانە راگرت؟.. چییان بۆ نەوەی تازەی چیرۆکی کورتی کوردی جێهێشت لەسەری بڕۆنو تەواوی بکەن؟

من وای بۆ دەچم، ئەو هەڵسەنگاندنو کارانە لە ئەستۆی قوتابیانی کۆلیژەکانی ئەدەبیاتە و چاوەڕوانین.

هەولێر
٢٠١١/١١/٦